## شەنگال و پاشای کۆرەو ئەبوبەکر بەغدادی

عەلی مەحمود محەمەد

زیاتر لە ١٢٠٠ ساڵە ئێزیدییەکان لەسەر ئەم خاکە جینۆساید دەکرێن, هەموو ئەو تاوانانەی داعش ئەمرۆ ئەنجامی داوە, بە درێژایی ئەو مێژووە بەردەوام بووە, زیاتر لە ١٢٧ جار بە زیاترەوە کۆمەڵکوژییەکانیان دووبارە بووەتەوە "خیری شنكالی : تعريف الديانه الآيزديه للألمان ".
لە ماوەی دوانزە سەدەی رابردوودا ئێزیدییەکان بەردەوام جینۆساید و تاڵان کراون و کچان و ژنانیان کراوە بە کەنیزەك و لە بازاڕی گەرمی کۆیلەی شارەکان فرۆشراون یان بەخشراون و وەك دەستکەوتی تاڵانی جەنگ دابەشکراون, پیاوان و منداڵانیشیان کراون بە کۆیلە و لە زۆربەی جارەکانیش بۆ خۆ رزگارکردن بە زۆر ئاینیان پێ گۆڕدراوە, یاخود باج و سەرانەی زۆریان بەسەردا سەپێنراوە" سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زیاتر لە ملیۆنێ و نیوێك ئێزیدی لە ماوەی نێوان شەڕی چاڵدیران لەساڵی ١٥١٤ی زایینی بۆ کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٩ی زایینی لە لایەن عوسمانی و سەفەوی و عێراق و هەندێك میرو شێخی کوردەوە کوژراون- خیری شنكالی : تعريف الديانه الآيزديه للألمان ", تەواوی ئەو تاوانانەش کە کراون بەرگی پیرۆزییان بەبەردا کراوەو بە جیهاد و غەزا لە مێژوودا ناوزەد کراون, لەو ٧٣ فەرمانەی پێشوو وەك ئاماژەی پێ دەدەین, پیاوانی موسڵمانی کورد لە ژێر پەرچەمی ئایندا بەشدارییان لە زۆربەی تاوانەکاندا کردووەو شانازیشیان پێوەی کردووە,بەشداریەکەیان چ بە شێوەی سەربەخۆ ئەنجامدراون, یاخود لە ژێر ئای سوپای عوسمانی و سەفەوی و عێراقی و ئیتحاد و تەرەقی و... , هەندێك جاریش خۆیان سەرکردایەتی فەرمانەکانیان کردووەو تاکە بکەر و فەرماندەری تاوانەکان بوونە, تەنانەت تاوانەکانیان وەحشانەترینیان بووە لە مێژوودا, ئەم تاوانبارە مەزنانە لە مێژوودا هەندێکیان بە پاڵەوانی ئەفسوناوی نەتەوە هەژمار کراون و ئێستاش شانازییان پێوە دەکرێت, وەلێ لە دوا فەرماندا, فەرمانی رۆژی چوار شەمە رەشەی ٣ی ئۆگستسی ساڵی ٢٠١٤ ەدا, کە پیاوانی ئیسلامی توندڕەوی عەرەبی سونە مەزهەب پێی هەڵسان لە ژێر ناوی داعش, بە بەرچاوی کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهانەوە تاوانەکان رابردوویان دوبارە کردەوە, عەقڵی تاکی کوردی دوای سەدەیەك لە گۆڕانکاری سیاسی و رۆشنبیری لە کۆمەڵگای کوردیدا, ئیتر ئێستا زۆرینەی پیاوانی کورد نەك بەشێك نین لە پرۆسەکە و ئەکتەری چالاك نین لە تاوانەکەو شانازیکەر نین بە جینۆسایدەوەو تاڵان کەر نین بە ماڵ و ژنی ئێزیدیەکانەوە, ئەو مێژووەی رابردووش بە مێژووی

شانازی خۆیان نازانن, بگرە بە پێچەوانەوە بە هەڵمەتی هەموو ئێزیدین قۆناغێکی نوێ دێتە پێشەوە, بۆ یەکەمجار ئێزیدی بوون دەبێتە شانازی بۆ دەستە بژێرێکی گەل, ئەو چوار شەمە رەشەی ٣-٨ لە تاوانەکانی داعشدا, بە بەردەم راگەیاندنەکانەوە چەندە رەشە ڤێزەونترە بێت, دوا فەرمانی ٣-٨ دەبێتە دوا کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان و کۆی٧٣ فەرمانەکەی پێشوو و کۆی پەلامارەکانی دیکە, لە ئاوێنەی یاداوەریدا زیندو دەکاتەوە و لە گەڵیدا مێژووش دادگایی دەکاتەوە, دەیانکات بە بەشێکی بێزلێکراوو رەش لە خۆی و مێژوو, مێژوو لێرەدا پێچەوانە دەبێتەوە, مێژوو ڤێزەون دەبێت بە درۆو تاوان, ٣ی ئاب لە شانازییەوە دەگۆرێت بۆ دادگاییکردنی مێژووی تاوانە هاوچەشنەکانی رابردوو, ٧٤ دەبێتە پرۆسەی دادگاییکردنی ٧٣ فەرمانەکەی پێشوو, داعش دەبێتە ئاوێنەی سیمای پیاوە پیرۆزەکانی رابردوو لە تاوانەکانی ئەودا دادگایی دەکرێنەوە.
لێرەدا هەست بە گۆڕانکارییەکی هێمنانە دەکەین لە عەقڵی تاکی کورددا بە تایبەت بەشە پیاوەکەی, هەرچەندە بەشێکیشی لە ژێر کاریگەری ئیسلامی سیاسیدان, کەم تا زۆر هاوسۆزن لە ناوەرۆکدا لە گەڵ داعش, بگرە لە دەنگدانەکەی پەرلەمانی کوردستاندا زیاتر لە ٢٥٪ دەنگیان بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان نەدا, کەمایەتییەکی زۆر بچوکی کۆمەڵگای کوردی نەبێت, بە ئاشکرا ئەوی دی هەموو رەتی تاوانەکەیان کردەوە, ئیتر ئێزیدییەکان مرۆڤی پێش چواری هەشت رەش نین, ئیتر شەمەی ٣-٨-٢٠١٩, هەموو بە بێدەنگ چرکەیەك رادەوەستن و رێز لە قوربانیان دەگرن, ئیتر هەموو ٣-٨ی ساڵێك نەفرەت لە هەموو فەرمانەکان دەکەینەوە, ئیتر فەرمان" لە بنەچەدا وشەیەکی فارسییە بە واتای بڕیار "فەرمانێك، حوکمێك، یان دەستوورێك کە سوڵتانی عوسمانی واژۆی لەسەر کردبێت دێت." فەرمانی عوسمانی یاسایەکە کە خودی سوڵتانی عوسمانی فەرمانی پێکردووە و لەلایەن ئەوەوە واژۆ کراوە و کاریگەرە و ناگەڕێتەوە و جێگای رەتکردنەوە نییە, لە پیرۆزییەوە دەبێتە ڤێزەون.
دەستەواژەی فەرمان بەرگی پیرۆزی لەبەر دادەکەنرێت و ناشرین و بێزلێکراوە, ئیتر هەموو رقمان لە وشەی فەرمانە, ئیتر فەرمان وەك وشەی ئەنفال ڤێز لێکەرەوەیە, بە رێزگرتن لە قوربانیان رەتی مێژووە رەشەکانی هاوشێوەی رابردوو دەکەینەوە ئیتر فتوادەرانی فەرمانەکانیش لە پیرۆزی دەخەین و لە تاوانەکانی داعشەوە دادگاییان دەکەین, هەر بەوەندەشەوە نا بگرە بڕۆین بەرەو دادگاییکردنی مێژوویانەی ئەوانەی لە ١٢ سەدەی رابردوودا بەشدار بوونە لە تاوانە هاوچەشنەکانی چوار شەمە رەشەکە,ئیتر هەموو ٣-٨ ێك بووە بە بەشێك لە یاداوەری گەلێك, بووە بە دابڕان لە گەڵ مێژووی ١٢٠٠ ساڵەی رابردوو و هەر ٧٣ فەرمانەکەی پێشو تر, بووە بە دابڕان لە کلتورو تاوانی داعشیانە.

له فتوكانی ئه‌حمه‌دی كوڕی حه‌نبه‌ل ( ٧٨٠-٨٥٥ م ) ه‌وه, تا فتواكانی له‌یسی سه‌مه‌رقه‌ندی و مه‌سعودی و ئه‌بو سعودی عه‌مادی به‌م هه‌موو پله‌و پایه ئاینییه‌وه ("خگیب المفسرین" شیخ الإسلام, مفتی القسگنگینیه) كه ئێزیدییه‌كانی به له كافر كافرتر ناو زه‌د كردووه, فتوای كوشتنی پیاوان و به كه‌نیزه‌ك كردنی ژنانیانی ده‌رده‌كرد, هه‌موو ئه‌وانه‌ی به فتواو فه‌رمان به‌شداری جینۆسایدی ئێزیدیه‌كانیان له مێژوودا كرد,جارێكی دیكه له‌به‌رده‌م ئاوێنه‌ی تاوانه‌كانی داعش خرانه‌وه ناو قه‌فه‌سی دادگای مێژووه‌وه, ئیتر لێره‌وه عه‌مادی شێخ الئیسلامی ئومه‌یه‌ك نیه لای ئێمه, به‌ڵكه فتوا ده‌ری تاوانێكی مێژوویی به‌رده‌وامه بۆ زیاتر له دوو سه‌ده‌و تاوانباری جینۆسایده, كه سه‌دان فه‌رمان له به‌ر رۆشنایی فتواكه‌یدا ده‌رده چێت و پێكهاته‌یه‌كی ره‌سه‌نی سه‌ره‌كی گرنگ كه ناوی ئێزیدییه هه‌وڵی سڕینه‌وه‌ی ده‌درێت, وه‌ك ئه‌وه‌ی ئێستا داعش كردی, عه‌مادی درێژ ماوه‌ترین موفتی ئاستانه چوار سه‌ده‌و نیو له‌مه‌وپێش ده‌ریكرد به‌رامبه‌ر به ئێزیدییه‌كان, به پیرۆزیش زانراو كه‌سیش به یه‌ك دێر دژی نه‌وه‌ستایه‌وه.

قڕ كردنی ئێزیدییه‌كان له ساڵی ٢٢٤ی كۆچییه‌وه, له سه‌رده‌می خه‌لیفه موعته‌سه‌می عه‌باسییه‌وه ده‌ستی پێكردووه, وه‌لێ فتوای ئه‌بو سعودی عه‌مادی له ساڵی ١٥٦٠ ره‌وایه‌تی ئاینی پێ به‌خشی و پیرۆزی دا به قڕ كردنه‌كه له پۆششی ئایندا, ئه‌م فتوایه بووه هه‌وێنی ده‌یان فه‌رمانی مه‌رگ, چڕترینیان فه‌رمانه‌كانی قڕكردنه‌كانی سه‌ده‌ی نۆزده بوو , سه‌ده‌یه‌كی پڕ نه‌هامه‌تی و تاوان بوو بۆ ئێزیدییه‌كان, ئه‌م فه‌رمانانه ته‌نها خه‌لیفه و پاشا تورك و فارس و عه‌ره‌به‌كان پێی هه‌ڵنه‌ستان ,له ساڵانی ١٨٣٢ و ١٨٣٤ پاشای كۆره‌ی ره‌واندز و فه‌رمانی به‌درخان به‌گ له ساڵی ١٨٤٤ له ناو فه‌رمانه زۆرو زه‌به‌نه‌كاندان, بۆیه له به‌ر رۆشنایی و ئاوێنه‌ی تاوانه‌كانی داعشدا, ده‌بێت به پێگه‌ی كه‌سایه‌تی ئه‌و كه‌سایه‌تیانه‌دا بچینه‌وه‌و له دادگای مێژوودا دادگایی بكرێنه‌وه, ئه‌گه‌ر كوردیشن ئه‌وا دوو جار تاوانبارن, راسته هه‌ر مرۆڤێك له مێژوودا مرۆڤه‌كان به شێوازێك ده‌یخوێننه‌وه, بۆیه پاشای كۆره ئیتر پاڵه‌وانه مێژووه‌كه نابێت ببێت, ئه‌و بكه‌ری تاوانی گه‌وره‌یه‌و ده‌بێت دادگاییبكرێت, ئه‌و له مێژوودا تاوانباری جینۆسایده.

داعش و پاشای كۆره, كامیان تاوانبارترن؟

داعش ٦٤١٧ كه‌سی له ئێزیدییه‌كان رفاند له‌وانه نزیك ٣٦٠٠ كه‌سیان تاكو ئێستا گه‌ڕاونه‌ته‌وه, واتا ٢٧٨٣ كه‌سیان ماون و شوێنبزرن, ١٣٩٧ كه‌سیشی كوشتووه, به‌لام پاشای كۆره‌ی ره‌واندز كه به ویقاره‌وه په‌یكه‌ره‌كه‌ی له ره‌واندزه, زیاتر له ٩٥ ٪ی ئێزیدییه‌كانی كوشتووه و به كه‌نیزه‌ك كردووه, له كۆیه‌وه بۆ سه‌ر زێی گه‌وره

یەك كەسیانی لەسەر ئەو جوگرافیایە نەهێشتووە"  اياد جلال بابان يعيد افتراوات المندوب السامی البريگانی-صباح كنجی".
هێنری لایارد (شوێنەوارناس ٥-٣-١٨١٧ پاریس بۆ ٥-٧-١٩٨٤)، كە ڕۆڵی هەبووە لە وەستاندنی كۆمەڵكوژییەكە لە ئاستانە پایتەختی عوسمانی، باسی لەوە كردووە كە نزیكەی سێ لەسەر چواری دانیشتوانی ئێزیدی شاخ كوژراون.
لە پەلامارەكەی پاشای كۆرە تالان و كوشت و بڕ ناوچەكانی شێخان و قوش و ئاكرێ و دەشتی موسڵ و كەڵەك و حەریر و چیای مەقلوب .. گرتەوە, بەشێوەیەك دوو ئیمارەی ئێزیدی كوشت و بڕ كران و لەناو بران, باس لە كوشتنی ١٣٥٠٠٠ كەس و بە دیل و سەبایە كردنی ١٠٠٠٠ كەس دەكرێت كە عەلی بەگ سەرۆكی ئیچزیددییەكان لەناو دیلەكان بوو دواتر بەدیلی كوشتی, لەو پرۆسەیە پاشای كۆرەی ڕەواندز ٥٠٠ كچی جوانی ئێزیدی پێشكەش بە ئەمیرەكانی بابان و پشدەرو كۆیە.... كردو ئەوانی دیكەی بەسەر موجاهدینەكاندا دابەش كرد.
ئەگەر چەندە زێدە ڕۆیی لە ئامارەكاندا كرابێت, وەلێ هەر ئەوە ڕاستە تاوانەكانی پاشای كۆرە چەند جاری داعش  بووە, بهێننە پێش چاوی خۆتان پەیكەر بۆ ئەبو بەكر بەغدادی دروست بكرێت؟,چەندە بە ئازار دەبێت, ئەگەر دەمانەوێت ئێزیدییەكان ئاشت بكەینەوەو ئەوا پێویستە لە پەیكەرەكەی پاشای كۆرەوە  دەست پێ بكەین و داوای لێبوردنیان لێ بكەین, ناوچەكانیان لە گۆڕینی دیموگرافی بپارێزین و   چەند كورسیەكی كۆتاشیان لە پەرلەمانی كوردستاندا بۆ تەرخان كرێت وەك دەستپێك.

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠